


## ئیمان بەرزان

یاریزانی فوتساڵی یانەی سیروانی نوێ:

# قەیرانی دارایی هۆکاریی سەرەکیی دابەزینی ئاستی وەرزشە

تیپی فوتساڵی یانەی سیروانی نوێ یەکێکە لەو تیپانەی کە گرنگی بە یارییەکانی کچان دەدات لە شاری سلێمانی، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فوتساڵ لە سنووری پارێزگای سلێمانی بۆ وەرزی نوێی خولی فوتساڵی کچان تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێ بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان (ئیمان بەرزان)ی لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری سلێمانییە، کە قوتابیی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی هەڵەبجە و پێشووتریش بۆ هەریەك لە یانەکانی شەهیدان و هەڵەبجەی تازە یاری کردووەو ئێستاش لە یانەی سیروانی نوێیە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو بڕیارت دا بێیتە نێو جیهانی وەرزشی؟**

-هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خولیاو ئارەزووی زۆری وەرزشیم هەبووە و هەمیشە هەوڵێکی زۆرم داوە تا بەردەوام بم و لە یاریگاکان ببیندرێم.

***لە ناو ئەو هەموو یارییە جۆراوجۆرە چۆن بوو بڕیارت دا یاری فوتساڵ هەڵبژێری؟**

- چونکە یارییەکی زۆر بڵاوە و توانا و لێهاتوویەکی باشم هەبووە لە یاری تۆپی پێ، بۆیە ئەو یارییەم لە هەموویان پێ باشتر بوو کە دەمتوانی تێیدا سەرکەوتوو بم.

*** ئاستی یاریی تۆپی پێ لە کوردستان چۆن دەبینی، بەتایبەت لە ئاستی کچان؟**

- تا رادەیەك ئاستێکی باشی هەیە، لە چاو ساڵانی رابردووش کۆمەڵێك گۆڕانکاریی باش کراوە، بەڵام بە بەداخەوە بۆ کردنەوەی زیاتری خولی فوتساڵی کچان هەوڵی باش نەدراوە.

***چی بکرێ باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

-زۆریی کردنەوەی خول و پاڵەوانیەتی و تەرخانکردنی پارەیەکی باش و کردنەوە دابینکردنی یاریگا و زۆر خزمەتکردنی یانەکان و هەوڵی بەردەوام بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە، زۆر شتی دیکەش هەیە بکرێت.

***گرفتی یاری تۆپی پێ لە یانەکەتان زیاتر چییە؟**

-نەبوونی یاریگا و هاوکارینەکردنی یانە بۆ دابینکردنی پارە بۆ یاریزانان و کڕینی جلوبەرگ و پێداویستیەکانی راهێنان، ئەوانە هەمووی گرفتن لە وەرزشکردن، بەڵام سوپاس بۆ خوا وێڕای ئەوانەش خۆمان بەردەوامین.

***لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

-بەڵێ، ئەمساڵ وەکو یاریزانێك پەیوەندیم بە یانەی سیروانی نوێ شاری سلێمانی کردووە.

*** لە ژیانی وەرزشیت بەهیوای چیت؟**

- پەنا بە خوای گەورە هەر لە بوارەکەی خۆمدا هەوڵی بەرەوپێشچوون و خزمەتکردنێکی زۆر بە وەرزش دەدەم.

***قەیرانی دارایی تاچەند کاری کردۆتە سەر یاری تۆپی پێ؟**

- دەتوانم بڵێم قەیرانی دارایی هۆکاریی سەرەکیی لاوازبوون و دابەزینی ئاستی وەرزشە و بەتایبەتی تۆپی پێ.

***گرفتی یاری تۆپی پێ لە شاری سلێمانی لە چیدا دەبینی؟**

-خزمەتنەکردن بەم یارییە و هەوڵنەدان بۆ کردنەوەی زۆرترین خول و نەبوونی یاریگا و زۆر هۆکاری دیکە ئەوانە هەمووی گرفتن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-هیواخوازم سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و ئەندامانی یەکێتیەکە زۆرترین هەوڵ بدەن بۆ خزمەتکردن و بەرەوپێشبردنی وەرزش لە کوردستان، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە هەموو کات لە خزمەتی وەرزشی ناوخۆیە، ئەوەش هۆکارێکی باشە بۆ وەرزشکاران کە گۆڤارێك بەم جۆرە خزمەت بکات.



# ڕۆناڵدۆ پەیامێک ئاراستەی میسی دەکات

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ داوا لە لیۆنێل مێسی دەکات بچێتە ئیتاڵیا و بەرشلۆنە بەجێبهێڵێت و ڕەتیشی دەکاتەوە بەمزووانە ئاهەنگی هاوسەرگیری لەگەڵ جۆرجینا ڕۆدریگێز بگێڕێت.

لە دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی لاگازێتا دیللۆ سپۆرتی ئیتاڵی، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بۆیەکەمجار چەند نهێنییەک ئاشکرا دەکات و لەبارەی دوورکەوتنەوەی لە مێسی و ڕەتیدەکاتەوە بیری مێسی بکات و پێیوایە ڕەنگە مێسی بیری ئەو بکات و پێویستی بەو بێت، کریستیانۆ داوا لە مێسی دەکات بچێتە ئیتاڵیا گوتی: من لە پۆرتوگاڵ و ئینگلتەرە و ئیسپانیا یارییم کردووە و ئێستاش لە ئیتاڵیام، هەمیشە حەز لە بەرەنگاربوونەوەی نوێ دەکەم، بۆیە داوا لە مێسی دەکەم بێتە ئیتاڵیا و بەرەنگاربوونەوەیەکی نوێ تاقیبکاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو دڵخۆشە لە بەرشلۆنە، من ڕێزی لێدەگرم.

کریستیانۆ لەبارەی چوونی بۆ یۆڤێنتۆس گوتی: بژاردەی دیکەم لە بەردەم بوو، بەڵام بڕیارم دا یۆڤێنتۆس هەڵبژێرم، چونکە لێرە هەموومان وەکو یەک دەستە واین، ئەگەر دیبالا یان مانزۆکیچ گۆڵ نەکات ئەوا هەر دڵخۆش دەبن و پێدەکەنن، ئەمەش وا لە من دەکات زیاتر هەست بە یەک دەستەیی تیپەکەمان بکەم، لە ڕیال مەدریدیش هەموان سادە بوون، بەڵام ئەو کۆمەڵە یاریزانەی لێرەن لە یاریزانەکانی ڕیال مەدرید سادەتر و باشترن، لێرە زیاتر وەکو یەک خێزان مامەڵە دەکەین و بڕیاری هاتنم بۆ یۆڤێنتۆس ١٠٠٪دروست بوو، لێرە زۆر دڵخۆشم و شاری تۆرینۆم خۆش دەوێت.

هەروەها کریستیانۆ گوتی: من گرنگی بەوە نادەم لە قۆناخی ١٦ی خولی یانەکانی ئەورووپا ڕووبەڕووی ڕیال مەدرید دەبینەوە یان نا، لە سەرجەم یارییەکان ئامانجی من ئەوەیە سەرکەوتن بۆ یۆڤێنتۆس بەدەست بهێنم.

کریستیانۆ پێشیوایە ئەو شایستەی بەدەستهێنانی خەڵاتی بالۆن دۆر بوو و گوتی: هەموو ساڵێک شایستەی ئەوەم خەڵاتەکە بەدەست بهێنم ژمارەکان درۆ ناکەن من هەموو شتێکم کرد بۆ ئەوەی خەڵاتەکە بەدەستبهێنم، بەڵام بە بەدەست نەهێنانی خەڵاتەکە دڵتەنگ نابم.

لە کۆتاییدا ڕۆناڵدۆ ڕەتیدەکاتەوە بەمزووانە لەگەڵ جۆرجینا ڕۆدریگێز ئاهەنگی هاوسەرگیری بکات کە خاوەنی منداڵێکن، دەشڵێت من کاسۆلیکیم و هەموو هەفتەیەک دەچمە کڵێسا بۆ ئەوەی سووپاسی خودا بکەم بۆ هەموو ئەو شتانەی پێیبەخشیوم.



# یاریزانێک کێشەیەکی گەورە لە نێوان چەند وڵاتێک دروست دەکات




حەکیم عورێبی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی بەحرەین لەلایەن پۆلیسی ئینتەرپۆلەوە دەستگیر دەکرێت و وەزارەتی دەرەوەی ئوستورالیا رەخنە لەو بریارە دەگرێت و داوای ئازاد کردنی دەکات.
یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی تۆپی پێ بەحرەین دوای ئەو ئالۆزیانەی لە وڵاتەکەی درووست بوون، بریاریدا کە نیشتیمانەکەی جێبێڵێت و لە ئوستورالیا نیشتەجێ ببێت و دوای ماوەیەکیش حکوومەتی ئوستورالیا بریاریدا کە ئەم یاریزانە وەکو کەسێکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت رەگەزنامەی وڵاتەکەیانی پێشکەش بکەن، بەڵام حکومەتی بەحرەین لەو کاتەوەی کە حەکیم وڵاتەکەی جێهێشت داوای یاساییان لە پۆلیسی ئینتەرپۆل لە دژی تۆمار کرد و دوای ماوەیەک پۆلیسی ئینتەرپۆل توانی ئەم یاریزانە لە بانکۆکی پایتەختی تایلەندا دەستگیر بکرێت.
دوای دەستگیر کردنی حەکیم عورێبی، دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆتەوە کە لە دادگادا بریاری سزای ٢٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە و پێویستە بۆ وڵاتەکەی بگەرێندرێتەوە، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئوستورالیا و هەروەها فیدراسیۆنی تۆپی پێ نێودەوڵەتی داوا دەکەن کە ئەم یاریزانە ئازاد بکرێت و بگەرێتەوە ئوستورالیا.
لەلایەن خۆیەوەش وەزیری دەرەوەی ئوستورالیا بە فەرمی لە رێگەی وەزارەتەکەیانەوە داوایان لە حکومەتی بەحرەین کردووە کە پێویستە حەکیم عورێبی بە زووترین کات ئازاد بکرێت و رێگەی بدەن بگەرێتەوە وڵاتەکەیان.

# میسی فڕۆکەیەکی تایبەتی کڕی

لیۆنێل مێسی فڕۆکەیەکی بە ١٥ ملیۆن دۆلار کڕیوە بۆ ئەوەی گەشتەکانی خۆی و خێزانەکەی پێ ئەنجام بدات.
ماڵپەڕی دۆبل ئاماریای ئارجێنتینی ئاشکرایکرد لیۆنێل مێسی کاپتنی بەرشلۆنە فڕۆکەیەکی تایبەتی بەرامبەر ١٥ ملیۆن دۆلار کڕیوە بۆ ئەوەی گەشتەکانی خۆی و خێزانەکەی لە نێوان ئەورووپا و ئەمریکای باشوور پێبکات، کە ئەو فڕۆکەیە مۆدێل ٢٠١٤یە و لەسەر داوای مێسی ناوی خۆی و ئانتۆنێلای هاوسەری و هەر سێ منداڵەکەی لەسەر پەیژەکانی فڕۆکەکە نووسراوە.
فڕۆکە نوێیەکەی مێسی ١٦ کورسی دانیشتنی تێدایە و دوو گەرماو و دوو چێشتخانەشی تێدایە.



# هەولێر و نازم شاکر ڕێککەوتن



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر ئەم وەرزە لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی نەیتوانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و ئەنجامە خراپەکانی ئەم دواییەی یانەکە، دەستەی ڕاهێنەری پێشووی یانەکەی ناچار بە دەست لەکارکێشانەوە کرد، یانەی هەولێریش جارێکی دی دوای ماوەیەکی زۆر نازم شاکری ڕاهێنەری پێشووی یانەکەی گەڕاندەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە، لەم بارەشەوە بێجان ئیبراهیم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە فەرمی لەگەڵ نازم شاکر و ستافی ڕاهێنەران و یاوەرانی ڕێککەوتووین بۆ ئەوەی لە یارییەکانی داهاتوو سەرپەرشتی مەشقی یانەکە بکەن لە خولی عێراقی.» گوتیشی: «ئەنجامەکانی تیپەکەمان لە یارییەکانی رابردوو بە دڵی هاندەران و خۆشەویستانی یانەکە نەبوو، بۆیە دوای دەست لەکارکێشانەوەی عیماد عۆدەی ڕاهێنەر و یاریدەدەرانی، هەریەك لە نازم شاکر و فاروق عەبدولجەسام وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر و هادی جابر وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێز لەگەل یانەکە ڕێککەوتوون.» لەبارەی ڕێککەوتنەکەش گوتی: «نازم شاکر بە هەموو شێوەیەك ئامادەیی خۆی نیشان داوە، خزمەتی یانەی هەولێر بکات و گوتویەتی کە خۆی ماڵی لە هەولێرە، کەواتە یانەکە هیچ هی خۆیەتی و خۆیشی بە خەڵکی هەولێر دەزانێ، بۆیە هیوای ئێمەیە ئەوەیە کە بتوانین لە یارییەکانی داهاتوو ئاست و ئەنجامی باشتر پێشکەش بکەین، سوپاسی ستافی ڕاهێنەرانی پێشووشمان کردووە کە لەم ماوەیە لەگەڵ تیپەکە بوون.» لەبارەی گۆڕانکارییەکانیش گوتی: «تا ئێستا هیچ بڕیارێك نەدراوە بۆ گۆڕانگاری لە ڕیزی یاریزانان، بەڵام ئەوەی لە توانامان بێت بۆ خزمەتکردنی یانەی هەولێر دەیکەین.»لە بارەی مووچە گرێبەستیش ئامادە نەبوو هیچ بڕە پارەیەك لە نێوان دەستەی ڕاهێنەران و یانەکە ئاشکرا بکات، بەڵام گۆڤاری گوڵان لە سەرچاوەیەکی تایبەت ئەوەی زانیوە کە تەنیا بە مووچە کار دەکەن و هیچ گرێبەستێك نییە.

# هەرێم کەلاری
# بەنیازە چەمچەماڵ بگەینێتە خولی پلە یەکی کوردستان





تیپی تۆپی پێی یانەی چەمچەماڵ ئەمساڵ بە هیوای ئەوەن بە راهێنەرە لاوەکەیان جارێکی دی خۆیان بگەیێننەوە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان کە بڕیارە خولی پلە دووەکانی کوردستان لە ئایندە یارییەکانی بەڕێوە بچێت، یانەکەش لەگەڵ هەرێم کەلاری رێککەوتووە بۆ ئەوەی لە یەکەم ئەرکی وەکو راهێنەر یانەکە سەربخات بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، لەم بارەشەوە هەرێم کەلاری بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «کارکردنم لەگەڵ یانەی چەمچەماڵ بۆ خولی پلە دووەکانی کو ر د ستا ن بۆ من باشە، خۆم نەمویست لە پلە نایابەکانەوە دەست پێ بکەم، یانەی چەمچەماڵ یانەیەکی باشە و ئەوان داوایان لێ کردم ئەم ئەرکە وەربگرم، بۆیە وەکو خۆبەخشێك ئەو کارەم گرتەئەستۆ، بۆیە دەمەوێ ئەوەی لە توانام بێت بۆ ئەم یانەی بکەم و سەری بخەمەوە بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، بە هێنانی یاریزانان لە سەرجەم شارەکانی کوردستان چەندین یاریزانی بەتواناش پەیوەندییان پێوە کردووم کە بەبێ بەرامبەر ببنە یاریزانی ئەو شارە، کە ئامانجیان سەرکەوتنە بۆ خولی پلە یەکی کوردستان.» گوتیشی: «ئێستا مەشقەکانمان دەست پێ کردووە و پەیوەندیم بە چەندین یاریزانیش کردووە بۆ ئەوەی بێنە ریزی یانەکە، پێشووتریش یانەی نەورۆز پێ گوتبووم بۆ یاریدەدەری راهێنەر، بەڵام خولی نایاب قورسە، خولی پلە دوو وەکو یەکەم ئەرك زۆر باشە و بۆ ساڵانی داهاتوو دەمەوێ هەنگاوی زیاتر بهاوێم، ئەگەر خودای گەورە هاوکارم بێت، ئومێدی زۆریشم بە یانەی چەمچەماڵ و هاندەرە خوێنگەرمەکانی هەیە کە بتوانین شتێك بە شتێك بکەین و تیپەکە سەربخەین، بەهیوای ئەوەشین بتوانین ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین و یانەی چەمچەماڵیش ببەینە قۆناخێکی تازە لە خولی پلە دووی کوردستان.»

# ئارارات خۆی بەهێزتر دەکات



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی ئارارات بە مەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی داهاتووی یانەکەی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، دەستەی کارگێڕی یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانێکی ئێرانی مۆرکرد بۆ ئەوەی هێڵی بەرگریی یانەکەی زیاتر تۆکمە بکات و یانەکە هەنگاو بۆ پێشەوەی ریزبەندیی یانەکان بنێت، لەم بارەشەوە ئەنوەر عەزیز راهێنەری یانەی ئارارات بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە فەرمی گرێبەستمان لەگەڵ یاریزانی پیشەگەری ئێرانی نوید خوشهەوا یاریزانی یانەی تراکتۆرسازی تەبرێز مۆرکردووە، ئەو یاریزانە لە هێڵی بەرگری یاری دەکات و پێشووتریش لە خولی ئاسیا یاری کردووە لەگەڵ تیپەکەی و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە، ئەوە سێیەم یاریزانی پیشەگەرە کە هێناومانەتە ریزی یانەکەمان کە پێشووتریش یاریزانێکی بەڕازیلی و ئێرانییەکی دیکەمان هێناوەتە ریزی تیپەکەمان، ئێستاش تا رادەیەك هیچ گرفتێکمان نەماوە، چونکە گرفتی ئێمە لە هێڵی ناوەڕاست و بەرگری بوو، ئەوانیشمان چارە کردووە.» گوتیشی: «گرێبەستی ئەوانیش وەکو یاریزانە کوردەکانی خۆمانە، ئێستاش یانەکە بەبێ گرفتە و دەمانەوێ لە یارییەکانی داهاتوو ئاستێکی باشتر پێشکەش بکەین و ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین و زیاتر لە ریزبەندیی یانەکان بچینە پێشەوە».